## ڕاپۆرتە هەواڵێک  لە سەر چاک / سوێد و
## نزیکبوونەوەی لە ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید لەوڵاتی سوێددا

نوێنەری پارتی چەپی سوێدی ( لە پایزی داهاتودا مەسەلەی ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید دەبەینە ناو گفتۆگۆی پەرلەمان )نوێنەری پارتی ژینگە (ئێمەش  دەست پێشخەردەبین لە پێشنیازکردن و گفتۆگۆکردنی لە پەرلەماندا )نوێنەری  سۆسیال دیموکراتی سوێدی ( تائێستا دەسەلاتی کوردی داوای لێنەکردوین کە ئەنفال بە جینۆساید بناسێنرێت )نوێنەری پارتی سەنتەری سوێدی  ( بەپێ ی پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بێت ئەم مەسەلەیە جینۆسایدە). نوێنەری فۆڵک پارتی سوێدی ( بەئاشکرا ڕای دەگەیەنین ئەنفال جینۆسایدە و لە کوردستانی تورکیاش ڕوویداوە )



ڕۆژی 2007/5/6 کاتژمێر 14 _ 17  لەیەکێک لە هۆڵەکانی پەرلەمانی سوێدی  بەهاوکاری پارتی چەپی سوێدی و ناوەندی چاک/ سوێد ، کۆنفرانسێک  ساز کرا   بەناونیشانی( شاڵاوی ئەنفال لە80 کانی سەدەی ڕابردوودا  دژی گەلی کورد لە عێراقدا تاوانی جینۆسایدە)  .

هەر لەسەرەتای کۆنفرانسەکە ، چەندین وێنەی  قوربانیانی ئەنفال  و ژیانی کوڵەمەرگی بنەماڵەکانیان بەوێنەی فۆتۆگرافی نمایش کرا،   کە بە کامێرای هونەرمەند پشکۆ مەحەمەد ڕۆستەم گیرا بوون ، هاوکات لەگەڵ ئەم نمایشەدا  هونەرمەند  خالید ڕەشید  زۆر سەرکەوتووانە  بەپارچە مۆسیقایەکەوە سەرنجی ئامادە بووانی کۆنفرانسەکەی  ئاوێتە کرد لە نێوان وێنەکان و تاوانی ئەنفالدا.



دوواتر فلیمێکی دۆکۆمێنتی ناوەندی چاک   بەسەرپەرشتی  ڕووناک شوانی ئەندامی ناوەندەکەمانەوە نمایش کرا ، کەبەشی زۆری لەسەر شێوازی ئەنجامدانی  کارەساتی ئەنفال و ناوچەکیمیابارانکراوەکان بوو ، بەڵام لە بەشێکی تری فلیمەکەدا  وێنەی  تاوانەکانی  داگیرکەرانی کوردستان ( ئێران ،تورکیا ، سوریا  ،عێراق ) بە بەڵگە و وێنەوە  بە ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە نیشان درا .

**پەخش کردنی ئەم فلیمە کاریگەری زۆری لەسەر هەستی ئامادەبووان کرد بەڕادەیەک بەشێکیان نەیان توانی سەیری تاوانەکان بکەن بەتایبەتی کەسایەتیە سویدیەکان .**

**وتاری ناوەندی چاک لەلایەن هیشام ئاکرەیی پێشکەش کرا ، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە وەی کە ئەم تاوانە تە نیا سەدام ودارودەستەکەی نەیان کردوە ، بەلکو ئەمە بەرنامەی خودی حزبی بەعس بووە دژ بەگەلی کورد ، هەموو پێوەرەکانی جینۆسایدی تیایە ، هیوادارین پارتە سیاسیەکانی سوێد کە لەنێو پەرلەماندان ئەم مەسەلەیە ببەنە نێو پەرلەمانی سوێدی تا بەفەرمی دانی پێدا بنرێت . دواتر د. برهان یاسین کورتە باسێکی لەسەر تاوانی ئەنفال پێشکەشکردو ، بەڕێزی لەیەکێک لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم تاوانەی کە عەلی حەسەن مەجیدو ڕژێمی سەدام ئەنجامیاندا ، هیچی کەمتر نیە لە ئاستی تاوانی هیتلەر و نازیەکان کە دژ بە جولەکەکان کران، دواتر کوردۆ باکسی ناوەرۆکی باسەکەی لەوە چر کردەوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە پێناو بەرژەوەندیە ئابووریەکانی خۆیان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و هەڵوێست نانوێنن لە بەرامبەر ئەو میللەتانەی کە ڕووبەروی جینۆساید بوونە تەوە ، لە بەر ئەوەی ئەو وڵاتانە پترۆلیان هەیە و بەرژەوەنی ئابووری بە یەکیانەوە ئەبەستێ ، نموونەی ئەنفال و تاوانی ڕژێمی داگیرکەریشی لە کۆتایی80 کانی سەدەی ڕابردوودا لە هەمان چوار چێوەوە باسکرد.**

**ئاسۆ بیارەیی وەکو شاهیدێک کە لە نێو ڕووداوی ئەنفال ژیاوە چەند وێنەیەک لە تاوانەکانی ئەنفالی باس کرد.**



**دوای پشودانێکی کورت بەشی دوەمی باسەکە دەستی پێ کرد کە سەرەتا**

**ووتاری کۆنی فریدریکسۆن بەرپرسی دۆزی کورد لەسوید دیموکراتدا دەستی پێ کرد کە ئاماژەی بە (تاوانەکانی سەدام ، دۆستایەتی لەگەل پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان ، ناساندنی مەسەلەی جینۆسایدی بەوە پێشنیاز کرد کە داوا لەوەزارەتی دەرەوە ی سوید بکرێت ، پشتگیری لە فیدرالیەت دەکەن نەک لە سەربەخۆیی کوردستان ، هەروەها وتی کە هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی کوردستانی باشوور هیچ داوایەکی لەم شێوەیەیان لە ئێمە نەکردوە کە( دان بەوەدابنێن کە ئەنفال جینۆسایدە) ئەم ڕاستییە نارەحەتی و سەرسووڕمانێکی زۆر بوو بۆ زۆربەی ئامادەبووان ، بە بێ ئەوەی ئەندام ولایەنگرانی پارتی و یەکێتی کە هەندێکیان لەنێو کۆنفرانسەکە بوون وتەکەی بە ناڕاست لەقەڵەم بدەن .**

**دواتر تێروانینی پارتی سەنتەری سویدی لەلایەن ئەندام پەرڵەمان ( ئانیا یوهانسۆن ) باس کرا کە ناوەڕۆکی وتەکانی لەمە چڕ کردەوە**

**( ئەنفال کێشەیەکی گرنگە ، زۆر قسەی لەسەر دەکرێت و کەم کاری بۆ دەکرێت ، سوید دەتوانێ چی بۆ بکات ؟ دەکرێت ئەم کێشەیە بەگفتوگۆ بەرەو پێش ببەین ، ئەم وێنانەی پیشانتان دا لە یادم ناچێت ، پیویستە پەیکەر بۆ ئەنفال دروست بکرێت ، نەتەوە یەکگرتووەکان هاریکاری ئەم مەسەلەیە زیاتر**

بكات   تا دووباره نەبێتەوه ، بەپێی پێوەرەکانی نەتەوه یەکگرتوەکانیش بێت ئەم مەسەلەیه جینۆسایده) .

ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی ژینگەی سویدی (ماتس پێرتۆفت) کورتکراوەی بۆچونەکانی ئەمەی خوارەوه بوو :

(نابێت ئەوەی ڕوویداوه نکوڵی لێ بکرێت ، دەبێت بە ئاشکرا لەمەودوا باسی بکەین بۆ ئەوەی دووباره نەبێتەوه ، ، پارتی ئێمە دانی پێداناوه کە ئەمە جینۆسایده ، ئیمە دەست پێشخەری دەکەین کە لە پەرلەمانی سوێد باس بکرێت ، بە داخەوه کەم باسی جینۆسایدی کورد دەکرێت کە دەبێت ئەو بێ دەنگیە نەمێنێت ، ئێمە وەک فەرەنسا بیر ناکەینەوه کە ئەوەی لەبەرمبەر کوشتاری ئەرمەن دانی پێ دانەنا سزا بدرێت )

ئەندام پەرلەمان لە پارتی گەلی سوێدی ( فرێدریک مالم) بۆچونی پارتەکەی لەم کورتە دێرانەی خوارەوه دەربڕی:

( ئەمەجینۆسایده بە ئاشکرا دەڵێم ، لەوه دەترسم وەک چۆن لە مەسەلەی بۆسنیادا دان نەنرا کە سربیا بەرپرسه ، هەمان ڕووداو ڕووبداتەوه لەسەر تاوانی ئەنفال و دەوڵەتی عێراقدا ، دەبێت ئەنفال لەلایەن کوردیشەوه گوێی لێ بگیرێت ، وەک دۆکۆمێنتیش گرنگی پێ بدرێت ، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بزانن نەک هەر لە کوردستانی عێراق بگره لە کوردستانی تورکیاش جینۆسایدی کورد کراوه).

ئەگەر چی لەسەرەتای کۆنفرانسەکە نوینەری چاک /سوێد داوای کرد کە دەخوازین تاوانی ئەنفال بەجینۆساید بناسێنن و ئەم پرسه ببرێتە ناو گفتوگۆی پەرلەمانی سوێدەوه ، کە لە گەل یەک وەلامدا (یاکوب یوهانسۆن) نوێەری پارتی چەپی سوێدی و ئەندام پەرڵەمانی ئەوڕپا ئامادەیی پارتەکەی دەربڕی ، بەلام دوواتر لەکاتی ئاخفتنیدا ئاماژەی بە هەلوێستەکانی پارتەکەی کرد کە ساڵی پاریش سەرۆکی پارتی چەپ لارش ئۆهلی داخوازی ئەوەی کردووه کە 3/16 ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە ، بە ڕۆژی چەکی کۆمەلکوژی بناسێنرێت لەهەموو جیهاندا ، ئێمە لە ڕێگای ئەو فراکسیۆنەی کە بۆ پشتگیری کورد لە نێو پارتەکەمان پێکمان هێناوه بەردەوام دەبین لەسەر هەردوو مەسەلەکە و لە پایزی داهاتووشدا ئەم مەسەلەیه لە پەرلەمەنی سوێددا باس دەکەین تا دانی پێدابنێن.





دواتر چۆمان هەردی لە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیدا باسی لە بار و دۆخی ئەو ژنانە کرد کە بەر هەڵمەتەکانی ئەنفال کەوتبوون ، و نەبوونی سادەترین هۆیەکانی ژیان لە گرتووخانەکانی نوگرە سەلمان و باری سایکۆلۆژی ئەو ژنانە بەهۆی لە دەستدانی هاوسەر و مناڵەکانیان ، هەروەها بەڕێزی کورتە باسێکی لە باری ناهەمواری ئەمڕۆی ئەو ژنانە کرد کە ڕووبەڕووی هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی ژیان ئەبنەوە .

دواتر بواری گفتوگۆ و وە ڵامدانەوە دەستی پێ کرد کە زۆر پێشنیاز و ڕەخنە گیرا ،

بەر لە تەواو کردنی کۆنفرانسەکەش نوێنەری جاک ئاماژەی بەوە کرد کە مەسەلەی جینۆساید لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەنجام دراوە .

شایەنی باسە لە درێژەی بەرنامەکانی کۆنفرانس بروسکەی پارت و ڕێکخراو و دام و دەزگا سیاسیەکانی کوردستان ئاماژەی پێ دەدرا وەک بروسکەکانی :

پەرلەمانی کوردستان

وەزارەتی شەهیدان وئەنفال

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

بەرەی گۆڕان

پارتی چەپی کوردستان

پارتی ڕزگاری کوردستان

نوێنەری کوردە فەیلیەکان

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان / لقی سوید

گۆڤاری سیروان

فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردیەکان

شایەنی باسە ئەگەرچی پارتی چەپی سوێد بانگهێشتی زۆربەی پارتە کوردستانیەکانی کوردی کردبوو ، بەڵام بەداخەوە هیچ ئامادەکاری و پشتگیریەکیان دەرنەبڕی بۆ کۆنفرانسەکە وە بەشێکیان لەنوێنەرانیشیان ئامادە نەبوون .

شایەنی باسە لە و جیهانە کەناڵە میدیایانەی کوردی ، تەنیا کەناڵی ئاسمانی ڕۆژ تیڤی ، کورد سات ، ماڵپەری پیوکەی میدیا ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئامادە ببون .



**ناوەندی چاک**
20070508